Foreign Policy Fourth Year Class

سیاسەتی دەرەوە

# خەسڵەتو تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی دەرەوە

# یەکەم: سروشتی تاك لایەنەی سیاسەتی دەرەوە

- واتا هەر سیاسەتێکی دەرەوە نوێنەرایەتی یەکەیەکی نێودەوڵەتی دەکات، واتە ئەو میتۆدو بەرنامەیە کە ئەو یەکە نێودەوڵەتیە دەیگرێتە بەر بەرامبەر ئەکتەرەکانی تر.
- ئەمەش جیای دەکاتەوە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان، چونکە پەیوەندیە نێودەڵەتییەکان بریتیە لە پەیوەندی نێوان دووئەکتەر یان زیاتر، بەڵام سیاسەتی دەرەوە واتە بریتیە لە سیاسەتی ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی.

# دووەم: خەسڵەتی فەرمی بوون

- سیاسەتی دەرەوە بریتیە لەو سیاسەتەی کە لەلایەن نوێنەرە فەرمیەکانی دەوڵەت یان دەزگا فەرمیەکان دادەڕێژرێت، وەك، سەرۆکي دەوڵەت، پەرلەمان، سەرۆکی حکومەت و وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری و ئەوانی تریش.
- لێرەدا جەخت دەکرێتە سەر ئەو کەسانەی کە داڕێژەرانی بڕیارن، نەوەك شێوازی هاتنە سەر حوکمیان و سروشتی سیستمە سیاسییەکە.

# سێیەم: خەسڵەتی ئاشکرایی

- سیاسەتی دەرەوە هەر دەوڵەتێك دەبێت ئاشکرا بێت

**واتە دەبێت سیاسەتی مەبەستدار و ئاشکرا بن و شیاوی تێڕوانین و تێبینی بێت.**

# چوارەم: خەسڵەتی هەڵبژاردەیی

- هەڵبژاردنی بژاردەیەك لە نێو چەندین بژاردە
- دەستنیشانکردنی سیاسەتێکی دیاریکراو دەبێت سێ ڕەهەندی هەبێت:

1. دارِشتنی سیاسەتی دەرەکی لەلایەن بڕیار دروستکەرانی فەرمی دەوڵەت.
2. لە کاتی دارِشتنی سیاسەتی دەرەوە دەبێت کۆمەڵێك بڕیار و سیاسەتی ئەڵتەرناتیڤ هەبێت.
3. دەبێت دارِێژەرانی سیاسەتی دەرەوە توانای گۆڕینی ئاراستەی ئەو سیاسەتەیان هەبێت کە گرتوویانەتەبەر.

# پێنجەم: خەسڵەتی ئامانجی

- سیاسەتی دەرەوە کۆمەڵێك ئامانجە کە دەوڵەت دەستنیشانیان دەکات و هەوڵی پراکتیزەکردنیان دەکات
- سیاسەتی دەرەوە تەنیا کاردانەوە نیە بە ڕووی ژینگەی نێودەوڵەتی، بەڵکو جوڵەیەکی هوشیارانەی بڕیار دروستکەرانە بۆ کاریگەریکردن لەسەر ژینگەی نێودەوڵەتی یان گونجان لەگەڵی بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵە ئامانجێك.
- دەوڵەت ژینگەی بەدیهێنانی ئامانجەکان و میکانیزمەکانی دیاریدەکات.
- **توێژەران تێروانینی جیاوازیان هەیە لەسەر دیاریکردنی سروشتی ئامانجداری سیاسەتی دەرەوە بە گوێرەی تێگەیشتنی قوتابخانەی دۆرکایم و قوتابخانەی پارسۆنز، کە بە گوێرەی قوتابخانەی یەکەم سروشتی مرۆڤ بریتیە لە پەرچەکرداری ژینگەی دەوروبەری، بەلاّم لای قوتابخانەی دووەم بریتیە لەوەی مرۆڤ ئامانجی دیاریکراوی خۆی هەیە، لەسەر ڕوودانی گۆرانکاری دیاریکراو وەستاوە لە ژینگەی دەوروبەری بۆ بەدیهێنانی بەرژوەندیەکانی.**

# شەشەم: خەسڵەتی دەرەکی

- سیاسەتی دەرەوە لە ناوەوەی دەوڵەت دادەڕێژرێت بەڵام **هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرامبەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان.**
- بابەتی سیاسەتی دەرەوە دەکەوێتە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت، لە کاتێکدا سیاسەتی ناوخۆ لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدایە.
- لێرەدا کێشەزایەك هەیە، هەندێك جار وا دەردەکەوێت کە دەوڵەت سیاسەتێك پەیڕەو دەکات کە ڕەهەندی دەرەکی هەیە بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی ناوخۆییە، بە پێچەوانەشەوە.

# حەوتەم: خەسڵەتی پرۆگرامی

سیاسەتی دەرەوە دیاردەیەکی فرە ڕەهەندە چوونکە پرۆسەی جوڵە و ڕەفتارکردن لە ژینگەی نێودەوڵەتی پێویستی بە داڕشتن و دیاریکردنی کۆمەڵێك ئامانج و بڕیارو ڕەفتارە و لە کۆتاییدا سیاسەتی دەرەوە دێتە ئاراوە. **واتە سیاسەتەکە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو دێتەکایەوە نەوەك بە شێوەیەکی هەرەمەکی.**